**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە:٢٠١٤٢ لە ٢٠٢٢/٩/١٣**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٣) بڕگەی (١) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٩ بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە:-

**بەیانی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ماددەی (١):**

وەرگرتنی کرێی کارگێڕی خزمەتگوزاری بەڵگەکانی تاوان بە هەموو جۆرەکانی (کەیسە شارستانیەکان ، کەیسەکانی داواکاری خودی هاوڵاتیان) بەپێی ئەم بڕە پارانەی کە لە خوارەوە دیاری کراوە:

| ژ | جۆری خزمەتگوزاری | بڕی کرێی کارگێڕی خزمەتگوزاری (بە دینار) | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | بەڵگەی بێ تاوانی (عدم محكومیه بە زمانی کوردی) | (٢٥.٠٠٠) بیست و پێنچ هەزار | بۆ یەك بەڵگەنامە |
| ٢ | بەڵگەی بێ تاوانی (عدم محكومیه بە زمانی عەرەبی) | (٥٠.٠٠٠) پەنجا هەزار | بۆ یەك بەڵگەنامە |
| ٣ | بەڵگەی بێ تاوانی (عدم محكومیه بە زمانی ئینگلیزی) | (١٥٠.٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار | بۆ یەك بەڵگەنامە |
| ٤ | پشکنینی DNA | (١.٠٠٠.٠٠٠) یەك ملیۆن | بۆ یەك سامپل |
| ٥ | پشکنینی بەراورد کردن (مظاهاة) (دەست نووس، پەنجەمۆر و هەر جۆرە بەراوردکردنی تری دیکیۆمنتی) | (٣٠٠.٠٠٠) سێ سەد هەزار | بۆ یەك سامپل |
| ٦ | پشکنینی کیمیاوی (بە هەموو جۆرەکان) | (٢٥٠.٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار | بۆ یەك سامپل |
| ٧ | پشکنینی فیزیاوی (بە هەموو جۆرەکان) | (٢٠٠.٠٠٠) دوو سەد هەزار | بۆ یەك سامپل |
| ٨ | پشکنینی ئامێری ئەلیکترونی و مۆبایل و پەیج و سایت | (١٠٠.٠٠٠) سەد هەزار | بۆ یەك پشکنین |
| ٩ | کرێی کارگێڕی | (١٠.٠٠٠) دە هەزار | بۆ هەر داواکارییەك |

**ماددەی (٢):**

ئەو کرێیانەی کە لە ماددەی (یەکەم) دیاری کراوە تەنها لەو کەیسانە وەردەگیرێت کە لە دادگا شارستانییەکان یان لەسەر داواکاری خودی هاوڵاتی یان کەسی بیانی ڕەوانە دەکرێن، و هیچ کرێی خزمەتگوزاری لە کەیسە سزاییەکان کە لە دادگاکانەوە ڕەوانە دەکرێن و پشکنینی ئیسك و پروسکی ئەنفالکراوان و منداڵانی ونبووی کیمیابارانی هەڵەبجە وەرناگیرێت.

**ماددەی (٣):**

ڕێژەی (١٠٠%)ی ئەو کرێیانەی کە لە ماددەی (یەکەم) دیاری کراوە دەگەڕێتەوە بۆ گەنجینەی هەرێم و دواتر لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری بە پێی ڕێنماییەکانی حکومەت بڕی (٧٠%) بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری دەبێت و بڕی (٣٠%) بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەبێت بە مەبەستی پەرەپێدانی بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەی بەڵگەکانی تاوان لە هەرێم و تەنها بە فەرمانی وەزیری ناوخۆ خەرج دەکرێت.

**ماددەی (٤):**

ئەو بڕە پارانەی کە لە ماددەی (یەکەم) دیاری کراوە بە پسوولەی (٣٧/أ) وەردەگیرێت .

**ماددەی (٥):**

چەند ئەژمێرێکی بانکی دەکرێتەوە لە بەرێوەبەرایەتیەکانی بەڵگەی تاوانی هەرێم لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بە مەبەستی دانانی بڕی (٣٠%)ی کە لە ماددەی (سێ یەم) دیاری کراوە .

**ماددەی (٦):**

ئەم بەیـانە لە رۆژی دەرچـوونیەوە جێبەجـێ دەکرێـت و لە رۆژنـامەی وەقـایعی کوردسـتان بڵاودەکرێتەوە.

**رێبەر احمد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە**

**بەیانی ساڵی ٢٠٢١**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (١٠)ی یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠١٠ی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و ماددەی (٨)ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ی یاسای بڵاوکـردنەوە لە ڕۆژنـامەی ڕەسمی (وەقایعی کوردستان) ئەم بەیانەمان دەرکرد :

ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە (ڕێنمایی ئاگادارکردنەوەی پـرۆژ سـەرپێچی کارەکـان و لە کار ڕاگرتنیان) برگەی دووەم لە ماددەی (٣) هەمواردەکەینەوە بەم شێوەی خوارەوە :

بەڕێوەبەری پڕۆژە یان ڕێپێدراوەکەی بۆی هەیە داوای درێژکردنەوەی ئەو ماوەیە بکات کە لە برگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا ئاماژەی پێدراوە ، سەرۆکی دەستە یان ڕێپێدراوەکەی بۆیـان هەیە مـاوەکەی بۆ درێژبکەنەوە بەم شێوەیەی خوارەوە :

- بۆ پڕۆژەکانی پۆلێنی (أ) سێ مانگ
- بۆ پڕۆژەکانی پۆلێنی (ب) دوومانگ
- بۆ پڕۆژەکانی پۆلێنی (ج) یەک مانگ

ئەگەر چەسپێنرا کە ماوەی یەکەم بەشی ناکات

- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**ئەندازیار/عبدالرحمن صدیق**
**سەرۆکی دەستە**